سەدر دوای بەشداریکردنی باڵیۆزخانەی ئەمریکا، فەرمانی کشانەوەی لە پێشانگای کتێبی عێراق دەرکرد

ئەمڕۆ سەشەممە دەزگای میراتی سەدر کشانەوەی خۆی لە پێشانگای نێودەوڵەتیی کتێبی عێراق ڕاگەیاند بەهۆی بەشداری باڵیۆزخانەی ئەمریکا بە کەشکەکی تایبەت لەو پێشانگایەدا.

لە بەیاننامەیەکدا هاتووە، "دوای پشتڕاستکردنەوەی بەشداریی باڵیۆزخانەی ئەمریکا بە کەشکەکی تایبەتمەند لە پێشانگای نێودەوڵەتی کتێبی عێراق و بەگوێرەی ڕێنمایی ڕاستەوخۆ و دەستبەجێی جێنابی سەید موقتەدا سەدر، دەزگای میراتی شەهید سەید محەمەد سەدر کشانەوەی خۆی لە بەشداریکردن لەو پێشانگایەی پێشتر ئاماژەی پێکراوە ڕادەگەیەنێت".

ئاماژەی بەوەشکردووە، "پێشتر بەوەبەرایەتی پێشانگاکە لە بوونی کەشکەکی تایبەت (بە باڵیۆزخانە) ئاگاداریان نەکردینەوە".